# لەسایەی دەسەڵاتی سەرمایەداریدا، کوردستان بۆنی خوێنی لێدێت

سەرلەبەیانی دوێنێ لەکارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە لەسلێمانی تاوانێکی دڕندانە دەرهەق بەکرێکاران و فەرمانبەران ئەنجامدرا، کە لەمێژووی خەباتیچینایەتی کرێکارانی کوردستاندا بێوێنەیە.

ئەم کارگەیە ماوەی زیاتر لە٢ساڵە بەشێکی دراوە بە کۆمپانیای (ئۆراسکۆم)ی مصری و لەکەرتی گشتییەوە گۆڕاوە بەکەرتی تایبەت، بەهۆی نزیکی مەوادی خاوو گرانی نرخی چیمەنتۆ لەبازاڕدا بەرهەمهێنان لەم کارگەیەدا کەمترین تێچوون و زۆرترین قازانجی هەیە، بەڵام ئەمە نەك نەبۆتە هۆی باشترکردنی ژیانی کرێکاران و کارمەندان، بگرە زۆرجار لە دانی حەوافزو قازانجی ساڵانەش بێبەشکراون و پەیتا پەیتاش لەهەوڵی بێکارکردنیاندان و بە پێی نەخشەیەك بەنیازن هەموو کارگە بە(٣٠٠)کەس ببەن بەڕێوە کە پێشتر ١٣٠٠ کرێکارو کارمەندی تێدابووەو بەشێك لەو کرێکارو کارمەندانەش بە مصری جێگایان گیراوەتەوە کە مانگانەیان سێ ئەوەندەی کرێکارانی خۆوڵاتییەو سەعاتکاری رۆژانەش کراوە بە ١٢ سەعات.

ئەمانە بێزاری و ناڕەزایەتی زۆریان لە ناو کرێکاران و فەرمانبەراندا دروستکردووەو سەرەنجام دوێنێ سەرلەبەیانی بەهۆی نەدانی حەوافزەوە، کرێکاران و کارمەندان سەرەتا دەستیان لەکار هەڵگرت و بۆ گەیاندنی داخوازیەکانیشیان چوونە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی کارگە، بەڵام کاربەدەستانی کارگە بەشێوەی نەفی وەڵامیان دانەوەو سەرۆکی پاسەوانانی کارگە هەوڵیدا بەزۆری چەك بڵاوە بەمانگرتووان بکات و لەئاکامدا بەشێوەیەکی راستەوخۆو بەمەبەستی لەخوێن هەڵکێشانی ناڕەزایەتییەکەیان دەستیانکرد بە تەقەکردن و بەو هۆیەوە ١٣ کەس بریندار بوون، کە بەداخەوە یەکێکیان لەبەر سەختی برینەکەی گیانی لەدەستداوە.

هەڵبەت ئەمە یەکەمجار نییە تەقە لەڕێپێوان ناڕەزایەتی خەڵك دەکرێت، لەماوەی یەکساڵی رابردوودا نەك بە پێوانەی وڵاتانی دیموکراتی تەنانەت بە پێوانەی وڵاتانی سەرکوتگەری رۆژهەڵاتیش کوردستان لە کوشتن و تەقە لێکردن و بریندارکردنی خۆپیشاندەران و مانگرتوواندا ژمارەی پێوانەیی تۆمارکردووە، کەلارو هەڵەبجەو سلێمانی و ئاکرێ و هەولێرو رانیەو قەڵادزێ شاهیدی ئەو راستییە دەدەن کە هەمیشەو لەهەموو شوێنێك داخوازییە رەواو زۆر سەرەتاییەکانی خەڵك بەفیشەك وەڵامدەدرێتەوە.

لەسایەی بارودۆخێکی لەو جۆرەدایە کە پاسەوانانی کارگەی چیمەنتۆش رێگا بەخۆیان دەدەن بەو شێوە دڕندانەیە گیانی کرێکارانی خەباتکارو نارازی بکەنە نیشانە، ئەمە شێوازێکی ترە لەسەرکوتی داخوازی و ناڕەزایەتییەکانی خەڵك کە حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەناوی ئەوەی ئەوانە پاسەوانی ئەهلی بوون شانی خۆیان خاڵی دەکەنەوە لە بەرپرسیارێتی، ئەوە لەکاتێکدا ئەوان بەرپرسی پێدانی مۆڵەتی ئەو کۆمپانیایەن کە یەکەم کاری رشتنی خوێنی کرێکارانە.

ئێمە ئەوانەی لەخوارەوە ئیمزامانکردووە، وێڕای ئەوەی پشتیوانی تەواوی داخوازییەکانی کرێکاران دەکەین و هاودەردی و هاوخەمی خۆمان لەگەڵ بریندارەکان و خێزانی هاوخەباتی گیانبەخکردوومان دووپاتدەکەینەوە، هاوکات بە توندی ناڕەزایەتی بەرامبەر ئەو کارە وەحشیانەیە دەردەبڕین و داوادەکەین:

١/ بەڕێوەبەرانی کارگە وەك بەرپرسی یەکەمی ئەو رووداوە دڵتەزێنە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.

٢/ بەڕێوەبەرانی ئەو تاوانە بەگشتی بدرێن بەدادگاو وەك تاوانباری کوشتنی بەئەنقەست دادگایی بکرێن.

٣/ تەواوی داخوازییەکانی کرێکاران و فەرمانبەرانی کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە (بەدادگاییکردنی تاوانباران و لێپرسینەوەی بەڕێوەبەرایەتی کارگەشەوە) جێبەجێبکرێت و تا ئەو کاتەش مانگرتن بەردەوام بێت.

٤/ قەرەبووی زیانی مادی و گیانی بریندارەکان و خێزانی هاوخەباتی گیانبەخکردوومان بکرێتەوە.

٥/ ئەو کۆمپانیایەی ئەرکی پاسەوانی کارکەی پێسپێردراوە، بەرەسمی مۆڵەتی ئەو کارەی لێبسەنرێتەوەو سزای مالی بەسەردا بسەپێنرێت.

٦/ یاسایەك دابنرێت بۆ قەدەغەکردنی تەقەکردن لە مانگرتن و خۆپیشاندانەکان و سەپاندنی سزای تاوانی کوشتنی بەئەنقەست بەسەر ئەوانەی سەرپێچی دەکەن.

بژی ئازادی مانگرتن و خۆپیشاندان، بروخێت سەرکوت و چەوسانەوە.

* دەستەی داکۆکی لەداخوازییەکانی خەڵکی سلێمانی
* ریکخراوی کرێنشینانی کوردستان
* پارتی چەپی کوردستان
* یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق

٢٠٠٦/٧/٢٨